# کارو چالاکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری

## ساڵی 2014

**ئامادەکردن: بێخاڵ محمود**

**ڕاگەیاندکار**

# کارو چالاکیەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری

# ساڵی / 2014

**هەواڵەکان دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری:**

**★_ نۆی کردنەوەی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای**

**( SOCIETE GANARALE DE SURVEILLANEC ) سویسری.**



**لە ڕێکەوتی (2014/5/15) لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کۆبونەوەیەک ڕێکخرا بەسەرپەرشتاری بەڕێز (د.صباح یوسف توما المالح) سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری / بە وەکالەت و ئەندامانی دەستە لەگەڵ بەڕێز ( ڕۆمیل سافیدرا ) بەڕێوەبەری ڕۆژهەلاتی ناوراست .**

**ئامانجی ئەم کۆبونەوەیە بریتی بوو لە واژۆکردنی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای (SGS ) سویسری بە مەبەستی پشکنینی پێشوەختەی گشت کەل و پەلێکی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان ، جگە لە خوراك و دەرمان . ماوەی گرێبەستەکەی نێوان دەستە و کۆمپانیای( SOCIETE GANARALE DE SURVEILLANEC ) سویسری (2) ساڵە ، وە جەخت لەوە کرایەوە کە کۆمپانیای (SGS) هاوکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی گرێبەستەکە.**

⋆_ نۆی کردنەوەی  گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای

( BUREAU VERITAS ) ی فرەنسی .



لە ڕێکەوتی (2014/5/18) لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کۆبونەوەیەك ڕێکخرا بەسەرپەرشتاری بەڕێز (د.صباح یوسف توما المالح) سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری / بە وەکالەت و ئەندامانی دەستە لەگەڵ بەڕێز ( وائل كعدان  ) بەرێوەبەری ڕێپدراوی ئۆفسی هەولێر  .

ئامانجی ئەم کۆبونەوەیە بریتی بوو لە واژۆکردنی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای ( BUREAU VERITAS ) **ی فرەنسی** بە مەبەستی پشکنینی پێشوەختەی گشت کەل و پەلێکی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان ، جگە لە خوراك و دەرمان . ماوەی گرێبەستەکەی نێوان دەستە و کۆمپانیای( BUREAU VERITAS ) **ی فرەنسی** (2) ساڵە ، وە جەخت لەوە کرایەوە کە کۆمپانیای (B.V) **ی فرەنسی** هاوکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی گرێبەستەکە.

**★- یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیا پشکنەرەکان دوای گرێبەستە نوێکە**



بۆ بەدوا داچوونی کاروبارەکانی گرێبەستی نوێ لەنێوان دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری و هەردوو کۆمپانیای (SGS)& (B.V) ، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەردوو کۆمپانیای ناوبراو ، لە بەرواری (2014/6/25)لە هۆڵی کۆبوونەوەی دەستە بەسەرپەریشتی بەرێز(د.صباح یوسف المالح) سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری / بەوەکالەت کۆبوونەیەك ڕێکخرا.

لەیەکەم پرسی کۆبوونەوەکە کەبەر پرسی هەندێك لەبەش و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەستە ئامادەبوون لەگەڵ نوێنەرانی هەردووکۆمپانیای (B.V) &(SGS) گفتوگۆ کرا لەسەر هەندێك بابەتی پەیوەست بە گرێبەستە کۆنەکە، هەروەها لەبەشێکی تری دانیشتەنەکە دا باس لە ڕێو شوێنی جێبەجی کردنی هەندێك لایەنی گرێبەستە نوێکە کرا و جەخت لەسەر پەیوەندی و هەماهەنگی کۆمپانیا پشکنەرەکان لەگەڵ دەستە کرایەوە.

شایانی باسە هەر لەم کۆبوونەیە باس لە ڕێکارەکان کرایەوە کە پێویستە بگرێتەبەر بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو بارانە کە ئاراستەی هاتنە ژوورەویان گۆڕیوە لە مەرزە سنوریەکان باشور و ناوەراستی عێراق و روویان کردۆتە مەرزە سنوریەکانی هەرێم بەهۆی ئەو بارە نا ئاساییەی کە لە عێراق دەگوزەرێ.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە باس لە هاوکاری و هەماهەنگی کۆمپانیا پشکنەرەکان کرایەوە بۆ یارمەتی دانی دەستە لە ڕووی کادیرو کەسی شارەزا لە پسپۆریە جیا جیاکان بۆ دامەرزاندنی چەند تاقیگەیەك لە خاڵە سنووریەکان ، بە مەبەستی کار ئاسانی زیاتری دەستە بۆ بازرگانان.

★_ کۆبونەوەی  لێژنەی تایبەت بە تایبەتمەندی و سکالای هاوردەکاران



ڕێکەوتی (2014/6/26) لەهۆڵی کۆبونەوەی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری ، کۆبونەیەك ڕێکخرا بە ئامادەبوونی بەڕێز (د.صباح یوسف توما)سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری / بەوەکالەت و سەرۆك بەشی تایبەتمەندی وە ئەندامانی لێژنەی دەستە و نوێنەری وەزارەتەکانی (تەندروستی ، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودێری ، بازرگانی ) و بەرێوەبەرەکانی   کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی و دهۆك.

لەم کۆبوونەوەیە باس لە بابەتی کۆمپانیای( نستلە) کرا کە کۆمپانیای (نستلە) سێ داواکاری پێشکەشی دەستە کرد ، یەکەم داواکاری بریاری لەسەر درا کەوا لۆگۆی نستلە بە تورکی ڕێگەپێنەدراو ، دەبێت پابەند بێت بە تایبەتمەندی عێراقی کە زمانی عەرەبی تیدا بێت. لەدووەم داواکاری نستلەی (لۆرێن) دەبێت پابەند بێت بە تایبەتمەندی عێراقی ماوەی بەسەرچوونی (9) مانگ بێت لە جیاتی (12) مانگ. سێ یەم داواکاری بەرهەمی کۆمپانیای( ماجی) دەبێت پابەند بێت بە تایبەتمەندی عێراقی ماوەی بەسەر چوونی (12) مانگ بێت.

لە کۆتایێ کۆبونەوە بابەتی بیرە باس کرا کەوا هەردوو کۆمپانیای (ORKADIA) & ( Deutscher.hof- International B.R.G) لەدوای داواکاریان بریاردرا پابەند بێت بە تایبەتمەندی عێراقی و ماوەی بەسەر چوونی (360) رۆژ بێت لەجیاتی (400) رۆژ.

**★_ یەکەم گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای (COTECNA) ی سویسری**



ڕێکەوتی (2014/7/9) لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کۆبونەوەیەك ڕێکخرا بەسەرپەرشتاری بەڕێز (د.صباح یوسف توما الصالح) سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری / بە وەکالەت و ئەندامانی دەستە لەگەڵ بەڕێز ( رئبال داود) بەرێوەبەری گشتی کۆتکنا  لە عێراق .

ئامانجی ئەم کۆبونەوەیە بریتی بوو لە واژۆکردنی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای کۆتکنا (COTECNA) بە مەبەستی پشکنینی پێشوەختەی گشت کەل و پەلێکی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان، ماوەی گرێبەستەکەی نێوان دەستە و کۆمپانیای کۆتکنا (2) ساڵە، وە جەخت لەوە کرایەوە کە کۆمپانیای کۆتکنا هاوکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی گرێبەستەکە.

شایانی باسە ئەمە یەکەم گرێبەست نیە کە لەگەڵ کۆمپانیا پشکنەرەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵکو دەستە پێشووتر گرێبەستی کردووە لەگەڵ هەریەك لە کۆمپانیاکانی (SGS) و (BV) بە هەمان مەبەستی ئاماژەپێکراو.

⭑_ یەکەم گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای (TUV)



ڕێکەوتی (2014/8/28) لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کۆبونەوەیەك ڕێکخرا بەسەرپەرشتاری بەڕێز (د.صباح یوسف توما الصالح) سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری / بە وەکالەت و ئەندامانی دەستە لەگەڵ بەڕێز ( فارس ناوری) بەڕێوەبەری گشتی تی یو ڤی لە عێراق .

ئامانجی ئەم کۆبونەوەیە بریتی بوو لە واژۆکردنی گرێبەستی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ کۆمپانیای تی یو ڤی(TUV) ئەلمانی بە مەبەستی پشکنینی پێشوەختەی گشت کەل و پەلێکی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان، ماوەی گرێبەستەکەی نێوان دەستە و کۆمپانیای تی یو ڤی (2) ساڵە، وە جەخت لەوە کرایەوە کە کۆمپانیای تی یو ڤی هاوکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی گرێبەستەکە.

شایانی باسە ئەمە یەکەم گرێبەست نیە کە لەگەڵ کۆمپانیا پشکنەرەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵکو دەستە پێشووتر گرێبەستی کردووە لەگەڵ هەریەك لە کۆمپانیاکانی (SGS) و (BV) بە هەمان مەبەستی ئاماژەپێکراو ، و مانگێگ بەر لەئیستاییە دوای ئەم دوو کۆمپانیایە لەگەڵ کۆمپانیای پشکنەری کۆتکنا (cotecna) کراوە .

## شاندێکی حکومەتی تورکیا و دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری کۆبوونەوە



کۆبوونەوەیەك ئەنجا درا لە (2014/12/4) شاندێکی تورکی بە ئاستێکی بەرز کە پێکهاتبون لە بەرپرسانی وەزارەتی ئابووری و بەرپرسانی ستاندەرد و پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری تورکی بەڕێز (سەیەر ئێربل) کە بەرپرسی کاروباری ئابووری قونسولیەی تورکیە لە هەولێر ، سەردانی سەرۆکایەتی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەرێمی کوردستانیان کرد لە هەولێر، کە بریکاری وەزیری پلاندانانی هەرێم بەڕێز ( شێروان ئەسعد قادر) و سەرۆکی دەستە بەڕێز (د . صباح یوسف تۆما) و بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی لە دیوانی وزارەتی پلاندانانی هەرێم بەڕێز (ئەیوب صابر گەلاڵی ) لەگەڵ بەرپرسانی دەستە ئامادەی کوونەوەکە بوون.

مەبەستی ئەم سەردانەی شاندی تورکی بەهێز کردن و باشتر کردنی پەوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی تورکیا بوو بە تایبەتی لەبواری چۆنێتی بەڕێوەچوونی کاری هاوردن لەڕووی پشکنین و تایبەتمەندیەکان و دامەزراندنی تاقیگە و کارە کارگێڕیەکان و گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی بەرهەمەکان.

لە کۆتاییدا سەرۆکی دەستە ڕوونی کردەوە کە دەستەکە ئامادەیە دەست بکا بەو هەماهەنگیەی کە لایەنی تورکی داوا دەکا بۆ ئەوەی بە هاوکاری حکومەتی تورکی تاقیگە لە هەرێم دابمەزرێنین هەروەها سیستەمێکی باشتر دابنێین بۆگۆڕینەوەی زانیاری لە بواری پشکنینی بەرهەمەکان و کاروباری بازرگانی بە گشتی.

دوای کۆبوونەوەکان شاندی تورکی چوون بۆ ناو بازاڕی هەولێر بۆ ئەوەی چەند نمونەیێکی خۆراك لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ تورکیا بۆ پشکنین.

⋆_ **لەساڵی /2014 لەتاقیگەی مەرکەزی ناو دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری** (550) نمونەکانی جوانکاری و پاککەرەوە پشکنینی بۆ ئەنجامدراوە ، (111) نمونەی خواردن و گۆشتی بەستوو بەگشتی ، و (58) نمونەی جگەرە پشکنینی بۆ کراوە ، و (43) ە نمونەی لە بەرێوەبەراتیەکان رەوانە کراوە بە مەستی پشکنین کۆی گشتی ئەو نمونانەی کە لە ساڵی 2014 رەوانەی دەستە کراوە بریتیە لە (762) نمونەیە.

⋆_ **لە بنکەی فرۆکە خانەی نیودەدەوڵەتی هەولێر** بڕی مەوادی هاتوو(5682148) کگم لە مەوادی ( جوانکاری ، کەرستەی بیناسازی ، موادی سیارات ، وە جگەرە بەهەموو جۆرەکانیان ، (20) نمونەی جگەرە و (18) نمونەی بۆن پشکنینی بۆ کراوە لە تاقیگەی بنکەی کۆنترۆڵی جۆری فرۆکەخانە و دەگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندی عێراقی

⋆_ **پشکنینی جگەرە لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری** بریتیە(73) گونجاوە ،و (7) نەگونجاوە .

⋆_**لە بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی** بڕیهاتووی چگەرە (1536937) کارتۆن دەرچووە ، و دەرنەچووی کارتۆن (1016) ، بڕی جگەرە/توتنی نێرگەلە هاتووی ساڵی 2014 (1282092) کارتۆن دەرچوو ، بڕی هاتووی توتنی پایپ / توتنی چنراو (15897) تەنی رێگەپێدراو .

⋆_ **لە بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دهۆک** بڕی مەوادی هاتووی جگەرە بۆ ساڵی 2014 (9369916) تەنی ڕیگەپێدراو .

⋆_ **لێژنەی سەرپەرشتی کردن و بەدوادا چوونی پرۆژەی دروست کردنی بینای** بەێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی کە لەلایەن دەستەی پێوانەسازی و کونترۆڵی جۆری دانراوە ، و ئیستا ڕێژەی ئەنجام دراوی کارەکان 93 ٪ تیپەڕاندووە.

**٭_ کۆی مەوادی هاتوو لەمەرزەکانی (باشماغ ، پەروێزخان ، ابراهیم خلیل ، حاجی ئۆمەران ) لە ساڵی 2014**

**ناوی مەوادە هاتووەکان( پاککەرەوە ، موادی بیناسازی ، مەوادی کارەبا ، مەوادی چیشتخانە ،مەوادی پلاستیکی ، یاری منداڵان ، مەوادی سیارات .......)**

| **بڕی هاتوو / تەن** | | | **بڕی هاتوو / کارتۆن** | | | **بڕی هاتوو / دانە** | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگەپێدراوە | ڕێگەپێنەدراوە | لەناوبراو | ڕێگەپێدراوە | ڕێگەپێنەدراوە | لەناوبراو | ڕێگەپێدراوە | ڕێگەپێنەدراوە | لەناوبراو |
| **6870909967** | **15077029** | **21821** | **45677635** | **1752834** | **200** | **3561041** | **5102** | **نییە** |

**٭_ بڕی کۆکراوەی بڕوانامەکانی (SGS,B.V) لەمانگی (1/..../11) ساڵی 2014 لەخوارەوە دیاری کراوە ، لە وەرزی سی یەمی 2014 گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای پشکینەرەی (TUV & COTECNA) کرا لە ماوەی ئەم وەزرەدا کاری ڕیگە پێدانیان کردەوە .**

| بڕوانامەکان | ژمارەی بڕوانامەکانی ڕیگە پێدان | ژمارەی بڕوانامەکانی ڕێگەپێنەدان |
|---|---|---|
| B.V | 50087 | 814 |
| SGS | 14997 | 111 |
| TUV | 254 | 2 |
| COTECNA | 85 | نییە |
| گشتی | 65423 | 927 |

**★_ خشتەی پشکنێنی ئەنجامدراو لە تاقیگەکانی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری ، بەرێوەبەرایەتی دهۆك و سلێمانی ( خواردەمەنی ، ئاو ، جوانکاری ، پاککەروە ،جگەرە........)**

| ناوی شوێن | کیمیا | | فیزیا | | بایلوجی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | گونجاوە | نەگونجاوە | گونجاوە | نەگونجاوە |
| تاقیگەی ناوەندی دەستە | 443 | 114 | 397 | 175 | 292 | 27 |
| تاقیگەی ب.ك دهۆك | 3558 | 161 | 5640 | 462 | 874 | 73 |
| تاقیگەی ب. ك سلێمانی | 4542 | 31 | 2266 | 44 | 460 | 40 |
| **گشتی** | **8543** | **306** | **8296** | **681** | **1626** | **140** |

⭑_ کاروچالاکی ساڵی 2014 بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری خشڵ.

**جۆری کار وچالاکی یەکانی هۆبەی هونەری ( هەولێر- سلێمانی - دهۆك ) لە ساڵی 2014**

| ژ | جۆری کار و چالاکی | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگری | 52 | 24 | 44 |
| 2 | دەرهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە کۆمەڵ | — | 2 | — |
| 3 | دەرهێنانی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | 6 | 20 | 29 |
| 4 | تازە کردنەوەی مۆڵەتی زێڕینگری | 429 | 466 | 324 |
| 5 | تازە کردنەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە کۆمەڵ | 7 | 13 | — |
| 6 | تازە کردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | 72 | 38 | 57 |
| 7 | پشکنینی خشڵی هاوردە ( زێڕ، پلاتین، زیوو ) | 31303.28 کیلۆ گرام | 1335.76 کیلۆگرام | 1335.64 کیلۆگرام |
| 8 | پشکنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ | 634 | 513 | 398 |
| 9 | پشکنینی دوکانی وەرشە و زێڕینگری | 118 | 54 | 55 |
| 10 | کێش کردنی تەرازوو | 761 | 694 | 399 |
| 11 | سەردانی لیژنەی چاودێری بازاڕ | 60 جار | 50 جار | 20 جار |
| 12 | زێڕی پشکێنراو لە لایەن لیژنەی چاودێری | 11531 گرام | 13600گرام | 9065 گرام |
| 13 | تاقیکردنەوەی زێڕینگران و خاوەن وەرشەکان | 65 زێڕینگر | 36 زێڕینگر | 76 زێڕینگر |